cyan magenta yellow black File: P.11 fl ˙ Æ˝ ” 1

کەژاڵ دەروێش بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنەکەسە بۆ «خەبات»:

ریفراندۆم بۆ رزگارکردنی گەلە لە ستەم و چەوسانەوە و رووبەڕووبوونەوەی پرۆژەی وڵاتانی ناوچەکە

هێڤیندا / عەبدولڵەهار هەولێری

پرسی ریفراندۆم و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، بۆتە دیارترین باسوخواسی رۆژەڤ و لە میدیاکان و رۆژنامە جیهانییەکانیش پشکی شێری بەرکەوتووە، دیدارەکانی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانیش سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بایەخی بەرچاوی پێدەدرێ و لە زۆرێک لەو میدیایانەش وەک سەرکردەی کاریزمای کوردستان ناوی دەبرێ، سەرۆک بارزانی هەمیشە لە دیدارو کۆبوونەوەکانیدا ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە دەوڵەتبوون مافێکی رەوای گەلی کوردستانەو لە ئێستاش لەبارتر نیە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم.

لەمبارەیەوە بەرێز کەژاڵ دەروێش بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنەکەسە لە ئەوروپا لە لێدوانێکدا بۆ خەبات گوتی: دەوڵەتی ئایندەی کوردی؛ بارزانی نەبێت کەس ڕایناگەیێنێت. دەشڵێت: بڕیاریدانی ریفراندۆم بۆ رزگارکردنی گەلە لە ستەم چەوسانەوە و رووبەڕووبوونەوەی پرۆژەی وڵاتانی ناوچەکە کە لە ڕێگەی میلیشیاکانیان ئەو ئامانجانەیان دەپێکن کە بۆ والاکردنی ناوچەکەیە لە گەلی کورد و کۆتایهێنانە بە دۆزی کورد کە بە دیدی سیاسی ئەوان مەترسیدارە و هەرەشەیە لە سەر کیانەکانیان.

دەرۆێش ئەوەش ڕوون دەکاتەوە: سەرۆک بارزانی دوای چەندین سەردان بۆ بەغداد هەوڵیدا چارەسەری ئەو بابەتە هەڵواسراوانەی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ نموونە "بابەتی وزە، میزانیە و موچەی فەرمانبەران...هتد" بکات، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە سەرنەکەوتن، بۆیە سەرۆک بارزانی لە پێش دوایین سەردانی بۆ بەغدا گوتی ,,ئەگەر نەگەیشتینە چارەسەر لەگەڵ بەغدا ئەوە ریفراندۆم چارەسەرە. ئەمە دوایین چارەسەرە کە سەرۆک بارزانی جەختی لەسەر دەکاتەوە.

ئەو بەرپرسە دەشڵێت: ریفراندۆم لە 25ی ئەیلوول ئەنجام دەدرێت و سەربەخۆیی ئەو ناوچە کوردستانیانە رادەگەیێنێت و گەڕانەوەش لەم بڕیارە نییە. راستە باس لە هەندێک گوشار و هەڕەشە دەکرێت بەڵام بۆ هەموان دیار هەر دوو وڵاتانی ناوچەکە؛ ئێران و تورکیا، سەرەڕای ئەوەی هەردووکیان نزیکەی 7 ساڵە لە سووریا شەڕی یەکتر دەکەن، بەڵام ترسەکەیان لە پرۆژەی کوردی هانیداون بۆ کۆبوونەوە و ڕێککەوتن لە سەر تێکدانی ئەوەی سەرۆک بارزانی دوای ماوەیەکی کەمی تر رایدەگەیەنێ. ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و ئێران و بەهێزکردنی هەماهەنگی لەشکری نێوانیان، راگەیاندنی شەڕی دژی ریفراندۆمە. دەشڵێت: کورد تەواو دڵنیان تەنیا بارزانی دەتوانێت لەم کەیسەدا هەنگاو بەرەو پێش بنێت و هیچ کەسێکی تر ئەمەی نەکردووە و هیچ کەسێکیش دوای ئەو ناتوانێت ئەمە بکات.

کورد و گرەوی مێژوو

سەربەست سالح

هەنوکە کورد وەک نەتەوەیەکی گەورەی بێ دەوڵەت لەبەردەم دەروازەی گرەوێکی مێژووی دایە، کەپێویستی بە گوتارێکی یەکگرتوو هەیە. هەلومەرج و دۆخی رۆژهەلاتی ناوەراست تەموو مژی گۆرانکاری دای پۆشیوە، سیناریۆ گەلێک هەیە بۆ مامەڵەکردنی دۆخی رۆژهەلاتی ناوەراست وەلێ گۆرانکاری جوگرافی، هەڵوەشاندنەوەی چەند دەوڵەتیک، دەرکەوتن و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ لە بەشێکی زۆری سیناریۆ و ئەگەرەکانداید، پرسی گۆرانکاری و دوبارە دارشتنەوەی رۆژهەلاتی ناوەراست تەنها لە چوارچێوەی ئەگەر و پێشبینی کردندا نیە، بەڵکو هەنوکە شاهێدی بەشێکی رووداوە گەرم و سەرەنج راکێشەکانین بەتایبەت لە وڵاتانی عەربی، تایبەتی تریش لە عیراق و سوریا.

جوڵاندنی بەردەکانی سەر رووی شەترەنجی گەمە سیاسیەکان خێراو تیژ پەرن و هەندێکیان چاوەروان نەکراون، قەیرانەکان فرە جۆرن، ژمارەیان لە هەڵکشاندایە، تەم و مژ ناوچەکەی بەگشتی گرتۆتەوە، هیچ هێز و لایەن و دەوڵەتێک نییە لەسەر هێڵ نەبێت، دژیەکی و تێکهەڵکێشی بەرژەوەندیەکان واق ورمێنن !

زۆرینەی ئەو هێزوو لایەنانەی لەسەر هێڵن بۆ دەخوازن ئەوەی هەیانە لە دەستی نەدەن، بەشێکیش فراوان خوازن، ئەجندایان پەلکێشانە بۆ ئەوەی ڕووبەری هەژمون و کاریگەری و بەرژەوەندیەکانیان بەرفراوانتر بکەن !

دۆزی کورد، ئەگەرچی لە گەمە سیاسیەکاندا کورد وکیشەکەیەتی لە فۆرمی دەوڵەتدا ئامادەی نیە ،بەڵام یەکێک لە پرسە هەستیار و حساب لەسەرکراوەکان، نزیکەی هەموو جەمسەرەکانی گەمە سیاسیەکە حسابی ورد لەسەر کیشەی کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت دەکەن، ئامادەی کێشەی کورد لە گۆڕەپانی سیاسەت و ململانێکاندا بەم گور و هێزەی ئیستا لە مێژووی نوێدا وێنەی نەبووە .

ئەگەر سەرەنجی دۆخی گشتی ناوچەکەبدەین دەبینین جۆرێک لە قبوڵ کردن و مامەڵکردن هەیە لەگەڵ دۆزی کورد، هەندێک وەک دۆزی ڕەوای نەتەوە یەکی گەورەی بێ دەوڵەت لە چوارچێوە یەکی سیاسیدا لەکێشەکە دەروانن، ژمارەیەکی دیکە لە سۆنگەی بەرژەوەندیەکانیانەوە دەرواننە گۆرانکاریەکان. ئەو دەوڵەتانەی بەرکەوتنی راستەوخۆیان لەگەڵ دۆزی کورد هەیە (تۆ بڵێی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان)وەک دیفاکتۆ لە کێشەی کورد دەروانن و ناچارن دیدیی خۆیان بۆ کێشەکە بگۆڕن و مامەڵەی ڕوداوەکانی ئەرزی واقیع بکەن ئەگەر چی زۆریش تاڵە بۆیان (تۆ بڵێ خەمناک و پەژارە هێن نەبێ بۆیان).

وێنە گشتیەکە وەک دەرفەتێک خۆی دەنوێنێت ئەگەر نێو مالّی کورد ئامادەبێت، ئەگەر یەک ریزی و یەک هەڵوێستی هێزە سیاسیەکانی کوردستان ئاوێتە بەخواست و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکات، ئامادەی نێومالّی کوردستان و یەک گوتاری زامنی پاراستنی دەسکەوتە بە دەستهاتوەکان و بە دیهێنانی ئامانجە گەورە و بالاکانی خەڵک و گەلی کوردستانە، هەموو پەرتەوازەییەک و کەم تەرخەمیەک، هەر کەلێن و درزێک لە نێومالّی کورد چانس و ئەگەرە باشەکان کەم دەکاتەوە ئەگەر نەڵێن لە ناوی دەبات .

سەبارەت بە پرسی پێکەو ژیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی کوردستان، کە زۆرجار وەک دوو دڵی و نیگەرانی پێکهاتەکانی کوردستان دەوروژێنرێت، ئەوا وەڵامەکە زۆر روون و ئاشکرایە، کە لە ڕووی میژوویەوە کورد و کوردستانیان پێکەوە ڕووبەڕووی هەرەشە و زوڵمو زۆرەکان بوونەتەوە، زیاتر لە چارەکە سەدەیەکیش لە حکمومرانی کوردستان لەلایەن هێز و لایەنە کوردستانیەکان، بەڵگەی ئەوەیە کە هێزوو پێکهاتەکانی کوردستان کار بۆ پێکەوەژیان و هێنانەکایەی دەوڵەتی هاوڵاتیبوون دەکەن، ئەم زەمانەتە بەردەوام دەبێت و بەردەوام حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری بۆ کردوە، بەتایبەت پێداگر و سوربونی بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوەی تەواوی دامەزراوە حکومیەکان بە جۆرێک ڕێکبخرێن و کاربکەن، هیچ هاونیشتمانیەک هەست بە جیاوازی و پەراوێز بون نەکات، بە هۆی جیاوازی ڕەگەز و ئایین و نەتەوە، لە سەرەتای بانگەشەی ریفراندۆم و بەڵێ بۆ سەربەخۆیدا، سەرۆک بارزانی دووپاتی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستانیانی کردۆتەوە، ئەم ڕۆژانە مشتومڕی چۆنیەتی ڕەسمکردنی دەوڵەتی کوردستان گفتوگۆی زۆری لە بارەوە کراو، دەوڵەتی کوردستانی پەڕلەمانی فیدراڵی دیموکراتی وەلامێکی جدی و قەناعەت پێهێنەرن بۆ دوو دڵی و دڕدۆنگیەکان.

هەموو گۆرانکاری و هەل و دەرفەتەکان کە هاتوونە پێش، کاتی و ڕاگوزەرن، گرەوی مێژوون، داخۆ بەیەک ریزی و هاوهەڵوێستی و ئیرادەیەکی یەکگرتوە و گیانێکی نیشتیمانی گرەوی مێژوو دەبەینەوە ، 7-6-2017 ئەو ڕۆژەیە کە لایەنە سیاسیەکان بڕیاریان دا وەلامی ئەم پرسیارە مێژوویە بدەنەوە، هەڵمەت و بانگەشەی ریفراندۆم گەیشتۆتە لوتکە و رایگشتی کوردستانیان لە هەر چوارپارچەی کوردستان و تاراوگە جۆشی سەندوە وپشتیوانیەکانی ئازادیخوازانی جیهانیش لە زۆربوون و فراوان بوونداں. ماوەتەوە ئەو دەنگە نەشازەی بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕێگری یەکریزی دەکەن لە ناو خۆدا، وا پێدەچێت ئەوانیش ڕوونتر وێنەکە ببینن و لەم دەرفەتە کەمەی کات کەماوە لە پێشیاندا، ئەوانیش لەبەر دەم گرەوی مێژوودا، بێنەوە ریزی وڵاتپارێز و نیشتیمان پەروەران.

پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە کوردستان وەک کارتێکی گۆشار بەسەر کۆمەڵی نێودەوڵەتی

بەدرخان زاوێتەیی

ئەو نموونە کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانە ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە کوردستانی گەورە بە گشتی و هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەتی شتێکی بێ هاوتایە لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، کە پڕە لە ململانێی تایەفەگەری و ئایینی و نەتەوەیی و ناوچەگەریێتی مەزهەبیەکان، ڕەنگە تاکە نموونە بێت، کە بەم شێوەیەیە لەسەر ئاستی جیهان، کە لەسەر کۆمەڵی نێودەوڵەتی پێویستە نەک هەر پارێزگاری لێ بکات، بەڵکو بەرگریشی لێ بکات و پاڵپشتیشی بکات هەتاوەکو بمێنێتەوەو بەردەوام بێت. ئەمەش لەو کاتەدایە، کە ململانێگەلێک لە ناوچەکەدا هەیە، کە بۆی هەیە هەڕەشە بکات و هەموو شتێک تێکبدات.

گەر ئاوڕێک لە میژووی کورد و مێژووی کۆن بدەینەوە دەبینین، کە ڕەگوڕیشەی ئەو پێکەوە ژیانە ئاشتییانەی نێوان ڕەنگەکانی کۆمەڵی کوردستان بۆ ڕۆژگارێکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوەو ئەم نزیکیە لەلایەن کورد بە(کریڤ)، واتە خزمایەتی ناسراوە، ئەم وشەیەش تەنها لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری و کوردستان دا هەیە، کە پێشتر هەروەها لە مەغریب لە نێوان جولەکەو مەغریبییەکان هەبووە، بەڵام لە کوردستان لە نێوان کوردانی موسڵمان و کوردانی ئێزیدی و ئەرمەن و نێوان کورد و ئاشوورییەکان هەبووەو بە شێوەیەک پتەو بووە، کە دەستدرێژیکردنە سەر کەسێک وەک ئەوە وا بووە، کە دەستدرێژی بکرێتە سەر ئەوەی ترو بە دریژایی دەیان ساڵ کورد پارێزگاری لەو پەیوەندییە کردووە، کە ئەمەش وای لە کۆمەڵی کوردەواری کردووە زیاتر یەکگرتوو و هاوئاهەنگ بن.

هەروەها رووداوگەلێکی مێژوویی لە کوردستان ئەوە بەدەردەخەن، کە پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە لە کوردستان هەبووە، کە دیارترینیان پێش 160ساڵ لەمەوبەر بەدرخان بەگ هەردەم دەیگووت: کورد و ئەرمەن گەلێکن و تا ئەو ڕادەیەی ڕێگای داوە ژن و ژنخوازی لە نێوان کورد ئەرمەن ئەنجام بدرێت. لە جەنگی(قەڵای ڕۆخ)، بەدرخان بەگ بەخۆ بە 25لە پاسەوانەکانی هاتنەگرتن، کە هەموویان ئەرمەنی بوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پێکەوەژیانێکی کۆمەڵایەتی بەهێز لە کوردستان هەبووە. هەروەها لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ساڵی 1880، شێخ عوبێدوڵڵای نەهری داوای لە کونسوڵگەری ئەمەریکی کرد زەروورە ئاشوریەکان لە شاری ئورومیێ ببردرێنە دەرەوە پێش ئەوەی دەستی بەسەردا بگیرێت هەتا ڕووبەڕووی کوشتن نەبنەوە، نەک دواتر ئەمەریکا و ئەوروپا لێی تووڕە بن، بەڵام کونسوڵگەری ئەمەریکا خەمساردی نواندبوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە سوپای ئێرانی بگاتە ئورومیەو شێخ نەهری شەڕەکە بدۆڕێنێت. هەروەها کاتێک شێخ عوبێدوڵڵای نەهری بۆ ڕزگارکردن دەچێتە شاری ئورومیێ داوای لە ئەرمەنییەکانی سەر ڕێێ کرد ئاڵای شینی ئاسمانی لەسەر ماڵەکانیان هەڵبدەن هەتا بیانناسێت و داوای لە سوپاکەی کرد دەست بۆ ئەرمەن دڕێژ نەکەن و دەست دڕێژکردن بۆ ئەرمەن، واتە دەستدرێژیکردنە سەر شێخ عوبێدوڵڵای نەهری. هەروەها ڕووداوگەلێک و هەڵوێستگەلێکی زۆر هەن، کە پێکەوەژیانی پتەوی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان دەسەلمێنێت. پاش 1992، دەسەلاتدارانی هەرێم هەموو هێزوتوانایەکی خۆیان خستەگەڕ لە پێناو هێشتنەوەی ئەو پێکەوەژیانە ئاشتیانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دا هەیە. پاش ساڵی 2003 و ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی بەعسی عێراق حکوومەت و سەرۆکایەتی هەرێم کاری زیاتری کرد لە پێناو فراوانکردن و بەهێزکردنی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە کوردستان دا بە شێوەیەک هەمووان بەشداربوون لە بڕیارەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و فەراهەمکردنی دەرفەت بۆ کارکردنی هەمووان لە حکوومەت و فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییەکان. ئەمەو داوا لە دەزگاکانی ئاسایش کرا بەبێ جیاوازی پاریزگاری لە سەرو مالّی هاوڵاتیان بکرێت. ئەمە وای لە هەرێم کرد ببێتە نموونەیەکی بەرزی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، نەک هەر لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەڵکو لە سەرتاسەری جیهان دا. لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بە هەمەن پێکەوە ژیانێکی ئەوها دەبینیت، کە لە کوردستان هەیە، کە مزگەوت و کەنیسە و شوێنەکانی پەرستن هەیەو بە ئازادی سروتە ئاینییەکانیان پەیڕەو دەکەن، واتە لە کوردستان دا زیاتر لە شارێک هەیە، کە ئەو جیاوازیە ئاینییەی تێدایە و هەر یەک بە ئازادی سروتە ئاینییەکانیان پەیڕەو دەکەن بەبێ ئەوەی یەک کار لەوەی تر بکات، لەوانە: قەزای شێخان، شنگاڵ، بچێنن، بەڵام هەموو هەوڵەکان فەشەلیان هێناوە، بەڵکو کار بەوە گەیشتووە، کە پەیوەندی نێوانیان بەهێزتر بکات و زیاتر بەرگری لە مافی خۆیان لە کوردستان بکەن. ئەو ڕژێمانە پەنایان بردۆتە بەر ڕێککخراوە تیرۆریستیەکانی وەک ڕێکخراوی قاعیدە و داعش و میلیشا تایفیەکان تا لەو پێکەوە ژیانە ئاشتییانە بدەن و ڕۆڵەکانی ناچار بکەن بچنە ژێر رکێفی ئەو جۆرە سیاسەتانە، یان بە کوشتن، یان ڕاگواستن و ئەمەو ئەو جۆرە سیاسەتە، ئەگەر لە هەندێک ناوچەی سوریاو عێراق سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، بەڵام لە کوردستان شکستێکی بەرچاوی خواردووە، بەڵکو ئەو پێکەوە ژیانەی زیاتر کردووە، بەڵکو هەر هەموان دەست لە ناو دەست لە دژی ئەو هەڕەشانە وەستاون. ئەوە بۆیە نموونەی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی ناو کۆمەڵگەی کوردستان وەک کارتێکی فشاری لێهاتووە بەسەر کۆمەڵی نێودەوڵەتی و بۆتە ئەرک بەسەریەوە بجوڵێتەوەو کار بکات لە پێناو پارێزگاریکردن و بەرگریکردن لێی و بۆ ئەوەش ئەو نموونەیە بێ هاوتایەی پێشکەوە ژیانی ئاشتییانە لە جیهان بمێنێتەوە ئەوە دەبێت پاڵپشتی بکات بۆ ئەوەی قەوارەی سیاسیی و دەوڵەتە تایبەتییەکەی بنیات بنێت، واتە دەوڵەتی کوردستان لە ژێر سایەی ئەو ڕووبەڕووبوونەوە زەبەلاحانەی لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

و. لە عەرەبییەوە: شوان سەرابی